www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 10-9-2007 23:22

**کولێرا ... * شێروان بێ دڵ**

لەداخی خۆفرۆشان
هەرەسانم نەماوە
ئەو کولێرا و تاعونە
دوژمن بۆمی هێناوە
بەڵێ زۆر پەستم ئەکات
بینەو بەردەو کردارتان
دزی و گەندەڵی و خیانەت
سووکی کردوە لام کارتان
کەدوژمنێک دەبینن
یەکسەر دەیگرنە باوەش
داوای ئازادی ناکەن
بێزاربوین لەشەوی ڕەش
بەڵێ گووم بوو لە پڕا
کەرکوک هەناسەی بڕا
ئەو لاپەڕە پیرۆزەش
بەدەستی دوژمن دڕا
ئێستا کوردستانی من
پڕ بێگانەو دوژمنە
ئەو دوژمنەی دەزانم
کە زۆر ڕقی لەمنە
چینێک بەرژەوەندیدار
خزمەت دەکەن دز و مار
چینێکی برسیش هەیە
کە هیچی نیە لەماڵ
چۆن بڵێم هەرزانیە!!
هەتاکو دێ گرانی یە
بۆ دز خاوەن دەسەڵات
ڕۆژی خۆشی وانیە
چینێک ناتوانێت چی بڵێن
تەنها تەماشا کەرن
چینێکیش لە دوای ئاغان
بار دەکرێن وەکو کەرن
لە بەر بەرژەوەندیان
چینی دز دەپارێزن
هەتاکو دونیا مابێت
هەر ئەوان خاوەن هێزن

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بازرگانی نەماوە
کە دەستی پێوەنەنێن
ئەوەندە دز زۆر بوە
وا پاڵ بەیەکتر دەنێن
سەرەڕای ئەو گرانیە
تاعونیان بۆ هێناوین
تا ئەوان بازرگان بن
ئێمە هەردەم رووخاوین
لەبۆ شەڕی براکوژی
گەلێک ئازاو جەسوورن
پێ یان ناوێ ناو بژی
واز لە گەلم بهێنن
بەسە دزی و خوێن مژی

کولێرا: مەبەست نەخۆشی ((کولێرا)) یە کەلەکوردستانا بڵاو بۆتەوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.